# کورتەییێك لە داستانی شەڕی جێژنی قوربان، یا شەڕی ١٠ی خەزەڵوەری ١٣٥٨ی کۆچی خۆری لە شاری بانە

**بابەشێخ حسینی**

ماوەییێك پێش ئێستا، بەڕێز کاك ڕێبوار حسینی، بابەتێکی لەژێر ناوی با(ڕاستیەکان نەشێوێنین) نووسیوە و لە سایتی بۆ ڕۆژهەڵات و خەبات مێدیا بڵاوی کردەوە. دیارە کاك ڕێبوار بەشێکی سەرەکی بابەتەکەی لەسەر کتێبی بیرەوەریەکانی دوکتور خەلیقی، و بێ حورمەتی کردنی ناوبراو بە خەڵکی بەشەرەفی ناوچەی بانە نووسیوەو هەر بۆ بەرپەرچ دانەوەی قسەکانی دوکتور خەلیقی باسی شەڕی ١٠ی خەزەڵوەر و قارەمانی پێشمەرگەکانی دەفتەری مامۆستا (سازمانی خەباتی کوردستانی ئێرانی) لەوجەنگە کەم وێنەدا کردوە.

دوای خوێندنەوەی بابەتەکەی کاك ڕێبوار بەپێویستم زانی وەك پێشمەرگەییك کە ڕاستەوخۆ و لە نزیکەوە شاهیدی شەڕی سەرپردی بانەو لەناوبردنی گاردی جاویدان بووم، هێندێك زانیاری بخەمە ڕوو. دیارە لەسەر کاك خەلیقی هێندییك بیرەوەریم هەیە ئەگەر بە پێویستم زانی لە داهاتوودا دەینووسم، لەبەرئەوەی کەسێك کە خۆی بەڕوناکبیرو زانا ناو دەهێنێ، نابێ بێ حورمەتی و بێ ڕێزی بەخەڵکی هەرکام لە ناوچەکان و شارەکانی کوردستان بکا.

دیمەسەر مەبەستی سەرەکی کە ئەویش شەڕی سەرپردی بانەو لەناوچوونی گاردی جاویدان، (سپای قودس)ە، بۆباشتر ڕوون کردنەوەی باسەکەم، تۆزێك دەگەڕێمەوە دواوە. لەدوای هێرشی هێزەکانی ڕژیمی ئێران بە فەرماندەی چەمران و گیرانەوەی یەك لەدوایەکی شارەکانی کوردستانی ئێران، لە هاوینی ساڵی ١٣٥٨ئێمە ئاوارە بووین و ڕوومان کردە کوردستانی عێراق و لەخوار شاری ماوەت لەکوردستانی عێراق نیشتەجێ کراین. ئەوخانەوادە و ئەو کەسانەی لەو ئوردوگایە بوون بە ئاوارەیی و دەربەدەری نارەحەت بوون بەتایبەت لاوەکان ئەو لاوانەی کە ماڵ و منداڵیان و کەس و کاریان لەوێ نەبوو. لەمانگی ڕەزبەردابو ئێمە چەند کەس لەولاوانە کە بریتی بوون لە عومەری زارعی کوڕی حاجی عبداللە قاوەچی، صدیق رستەمی کوڕی حاجی محمدی روستەمی، خۆسرەوی عبداللە خان احمدی و من (نووسەر) کە هەر چوارمان خەڵکی ناوچەی بانە بووین بەسواری تاکسییك لە ماوەتەوە چووینە قەڵاچوالان ، بەوەی کە عەریفێکی پۆلیس بەناوی عوسمان لەگەڵ ئێمە سوار ببوو، سەیتەرەکان لێیان نەدەپرسین ، کە گەیشتینە قەڵاچوالان ڕانندەی ئەو تاکسیە ماشینێکی بۆ گرتین و تا کەناروێی سەروو بردینی لە کەناروێی سەروو بە ڕاستە ڕێگەدا، بەپێیان ڕێکەوتین و گەیشتینە پێچەکانی سەروو کەناروێ، لەناکاو چەند ماشینی سەربازیی عێراقی دەرکەوتن سەرەتا ترساین لەوەی کە بمان گرن یان بمان گێڕنەوە، ماشینەکان وێستان بەرپرسەکەیان کە ئامر فەوجی چوارتا بوو و دابەزی، دیارە پێشتر و لەیەکەم جار کە لەگەڵ مامۆستا مەلا سمایلی مرۆی هاتمە کوردستانی عێراق لە چوارتائەو ئامر فەوجەم دیبوو، وەرگێڕێکی لەگەڵ بوو لێ ی پرسین بۆکوێ دەچن گوتم بۆ ئێران گوتی باشە ئێمە دەتان گەێنینە سنوور، کەسوار جیبەکە بووین سەرهەنگ سمکۆ عەلی یار کە ئێستا لە دەرەوەی کوردستان دەژی لەجیبەکەدا دانیشتبوو، دیارە دوایی زانیم کە فەرماندەی فەوجەکە بۆ بەڕێ کردنەوەی سەرهەنگ سمکۆ عەلی یار، دەچێتەوە سنوور. پێشتر کاك سمکۆم دەناسی زۆری پێ نەچوو گەیشتینە پاسگای سورەدزی لەسەر سنوری کوردستانی عێراق ، دنیا وردە وردە تاریك دەبوو. ئێمەش لەپاسگای سوردزەوە، بەرەو دێی چۆمان لەسەر سنوور ڕێکەوتین، لەڕێگەدا سەرهەنگ سمکۆ پێی ووتم لەماڵان من بەناوی ڕەحمان بانگ بکە بانەزانن من کێم، شەو چووینە ماڵی حاجی محمودی چۆمان و پەزیرایی کوردانەیان لێ کردین.

بەیانی کاك سمکۆ بەرەو بێژوێ بەرێ کەوت و ئێمەش بەرەو دێی بلەسەن و کانی بیی ڕێکەوتین لەدەوروبەری سالوك لەگەڵ ئەو ژمارە پێشمەرگەیەی کە پێشتر هاتبوونەوە، و فەرماندەکەیان محمودی عبداللە ئاغای سالوك بوو، یەك کەوتین و دەستمان کرد بە گەڕان و تەنانەت شەوێکیش بە مەبەستی زەربەت دان لە دژمن چووینە ناوشاری بانەو لە کورە خشتەی قاقەوە تەقەمان لە پادگان کرد، کە ئەو تەقە کردنەش بۆخۆی داستانێکی هەیەو جارێکە لەباس کردنی دەگەڕێم.

نازانم کام ڕۆژە بوو، بەڵام دەزانم پێش لە ١٠ی خەزەڵوەر بوو شەوەکەی لەدێی نەمەشیر لەناوچەی بانە نانمان خوارد و بۆ خەوتن هاتینە دێی زێویە، کە لە نزیك قۆخانە، لەوێ بووین کەچەند پێشمەرگەو ژمارەییك هێزی بەرگریمان پێ زیاد بوو، بەرپرسەکان کەبریتی بوون لە محمود عبداللە ئاغاو مام ئەحمەدی ئەمینی و چەند کەسێکی دیکە کە پێم وایە ڕەحیم حاجی فەرەجیش لەگەڵ بوو. بەرنامەی شەڕو کەمین دانانیان لەسەر جادەی بانە سەردەشت بو هێزەکانی ڕژیم دانا. جادەکە لەدێی زیویەوە دوو سەد مترێك دوورە هەربەو مەبەستە، دەمەوبەیانی هەموو پێشمەرگەکانیان وەئاگاهێناو دابەشیان کردین بەچەند دەستە و پێ یان ڕاگەیاندین کە ئەگەر ماشینی ئەرتەشی بە جادەدا تێ پەڕی لێ یان دەدەین، دیارە ئەو کات بێ سیم لەکاردا نەبوو کە دەستووری دەست پێ کردنی عەمەلیاتی پێ بدرێ، بۆیە قەرارەکە بەوشێوەدرا کە بەتەقاندنی یەکەم گوللەی نارنجەك ئەنداز شەڕ دەست پێ دەکاو ئەو برادەرەش کە نارنجەك ئەندازەکەی پێ بوو، عومەری زاری بوو.

هەموومان لە بەرزاییەکانی پشت پێچەکانی نێوان دێی زێویە و سەیسارم کە پێ یان دەڵەن پێچەکانی کەڵەکی خەزایەن دامەزراین، من لەگەڵ پێشمەرگەییك بەناوی ڕەسوڵ، کەخەڵکی کەشەنە یان مەریجەلان بوو و پێ یان دەگووت ڕەسوڵە چکۆل لەسەنگەرێدا لەنزیك سەنگەرکەی صدیق ڕۆستمی و خوسرەو عبداللە خانی ئاڵوت ، کەلە تاشەبەرد دروستمان کردبوو، جێگیر بووین. ماوەییێك دوای هەتاو کەوتن کە لەبیرم نیە دروست چ سەعاتێك بوو، لەلای بانەوە ماشینی ئەرتەشی دەرکەوتن ئێمە هەر چاوەرێ بووین یەکەم نارنجەك ئەنداز بەنیشانەی دەست پێ کردنی شەڕ بهاوێژرێ، بەڵام کۆتایی بە دوایین ماشینی ستوونەکە، کە زیاتر لە ٧٠ ماشین بوو هات، هەواڵێك لەتەقەی نارنجەك ئەنداز نەبوو، ئەوچوار کەسەی کە پێکەوە بووین لە سەنگەرەکانمان هاتینە دەرو نەمان دەزانی چی بکەین، پێ مان ناخۆش بوو ئەو ستوونەی دژمن بەبێ عارەق دەرچێ، بۆیە دوای ستوونەکە کەوتین لە بەرزاییەکەوە تەقەمان لە ماشینەکانی ئاخری ستوونەکە کرد و زۆر ناشارەزایانە بە قەراغ جادەکەدا بەرەو شەخص (چاك)ی دێی (گش کەسە)، بەتەقەکردن ڕۆیشتین کە بەخۆشیەوە یەکێك لەماشینە ئەرتەشیەکان یا لەبەرئەوەی ڕانندەکەی پێکرابوو، یان لەترساندا، ماشینەکەی کەوتە پردەکەی نزیك دێی (گش کەسە) لەسەر جادەی سەردەشت. دوای هێندێك چەرمەسەرەو تەقەکردنی چەند هیلکۆپتەرێك لە ئێمە و ئامبولانسی ستوونەکە نەفەرەکانی ماشینە وەرگەڕاوەکەی هەڵ گرتەوە. دوای ڕۆیشتنی هێزەکانی دوژمن، بەهیوای دەستکەوتنی چەك چووینە سەر ماشینە ئەرتەشیەکە بەڵام بارەکەی لوبیا و برینج و خواردەمەنی بوو، نازانم کام لەبرادەران بوو چووە ناودێی گش کەسەو چەند ئێستری هێناو برینج و لوبیاکانمان بارکرد و بەهاوکاری چەند دۆستێك بەرەو قەڵای خەبات و شاوەران کە لەنزیك دێی بلەکی یە ڕەوانەمان کردن. دوای ئەو کارە بۆ نیوەڕۆ چووینە ماڵی خودا لێ خۆش بوو، فەقێ ڕەسوڵی گش کەسە و بەپێ ی ناسیاوی خانەوادەگی و دۆستایەتی و لەبەر ئەوەی پێشمەرگەبوین ڕێزی زۆریان لێ گرتین و هەنگوین و ڕۆنەکەرەییکی باشیان داینێ، دوای نان خواردن خواحافیزیمان لە فەقێ ڕەسوڵی ڕەحمەتی وکوڕەکانی و خانەوادەی بەڕێزی کردو گەڕاینەوە سەرجادەی ئەسلی و ماشینەکەمان ئاورداو، هەرلەسەر جادەکە تەکبیرمان کرد چی ی بکەین، چۆن برادەران وەدۆزین، هومێدبڕاو بووین لە دۆزینەوەی برادەران بۆیە قەرارمان دا بچینە ناوشاری بانە، لەسەر جادەکە وێستاین و یەکەم ماشین هات ودەستمان لێ ڕاگرت کە وێستا حاجی ملا علی ئیمام جومعەی شاری بانە لە دەورانی شا بوو، لەوکاتەدا کە ئێمە ماشینەکەمان ڕاگرتبوو دیسانەوە هێلکۆپتەر هات و ڕوداوێکی سەیر ڕوی دا، کە بەباشی نازانم بیگێڕمەوە. دوای ڕۆیشتنی هێلکۆپتێرەکە و هێور بوونەوەی وەزعەکە بەحاجی مەلا عەلیمان ووت مەبەستمانە بچینە ناو شاری بانە، هەرچەندە فەرموویان بۆ من جێگەی مەترسیە و ناکرێ، سەرئەنجام موافقەتی کرد و سواربووین تا نزیك شاری بانەو دەمەو ئێوارە چووینە ناوشار و هەموومان چووینە ماڵی دۆستێك، دوایی صدیق ڕۆستەمی و خسرۆ ئەحمەدی چوونەوە ماڵی خۆیان و من و ڕەسوڵ لەو ماڵە دۆستە ماینەوە.

بەکورتی ئێمە لەوڕۆژەوە لەشاری بانەدا ماینەوە تا١٠ی خەزەڵوەر و پێش جێژنی قوربانی ساڵی ١٣٥٨ کە بەڕێز مامۆستا شێخ عزالدین فەرمانی بە خەڵکی کوردستان دا بۆ ڕۆژی جێژنی قوربان بچنە سەر گۆرستان و هەر ئەو ڕۆژەش بەڕێز مامۆستا سید جەلال الدین حسینی، لە گۆرستانی سلێمان بەگ لە نزیك بانە چووە ناو کۆبوونەوەی خەڵك کە ژمارەییکی زۆر لە خەڵکی بانە لە سلێمان بەگ بوون و سوخەنرانی بۆ کردن.

چەند شەوبووکە پێشمەرگەو هێزی بەرگری ڕوویان لەشاری بانە کردو لە ماڵەکان دامەزران. ئێمە ئەوچەند کەسەی کەماوەیێك بوو لە ناو شاردا بووین زۆرجار پێکەوە چالاکیمان لەدژی هێزەکانی ڕژیم بەهاوکاری شەهید عوسمانی عەبە ئاغەل و برادەرێکی دیکە کە ئەندامی تەشکیلاتی دەفتەری مامۆستا بوو دەکرد، کە لەبەر باری ئەمنیەتی ناوەکەی ناهێنم. لە نیوەڕۆی ڕۆژی ١٠ی خەزەڵوەر، هەواڵ بە ئێمە گەیشت کە لەپێچەکانی هەژدە دۆڵان شەر دەستی پێ کردوەو لەکەوپێچیش شەڕ لەئارادایە، پێشمەرگەو هێزی بەرگری لەماڵەکان هاتنەدەر، ئێمە کەلە گەڕەکی خوار سینەمای ڕەحمان خان - گەڕەکی خواروو بووین. ڕووبەڕووی دوو تانگ و جیبێکی فەرماندەیی بووینەوە کە لە پادگانەوە بەیارمەتی هێزەکەیان لە کەوپێچ دەچوون و توانیمان لە نزیك ماڵی حەمە سەقزی یەکێك لە تانگەکان بگێرینەوە بۆ پادگان. دوای ڕۆیشتنی تانکەکان زیاتر لە بیست کەس کۆبووینەوەو سوار ماشینێکی مینی بووس بووین کە خاوەنەکەی جەلالی سەعەرووت بوو تا بەرەو کەوپێچ بچین، بەڵام نەمان توانی بگەینە کەوپێچ چونکە سەرەتای ستوونە ئەرتەشیەکە دەرکەوت، بۆیە بەناچاری گەڕاینەوە و لەسەر پردی بانەو حەوشەی دوخانیات و شیرکەتی نەوتی کۆن و دەوروبەری سەنگەرمان گرت، ئەوبرادەرەی کە بەرپرسی بەشێك لە تەشکیلاتی دەفتەری مامۆستا شێخ عزالدین لە بانە بوو، تفەنگێکی ویزی پێ بوو، فەرمانی دامەزران و سەنگەر گرتنی بە پێشمەرگەکان دەدا، کە لەناکاو ماشینی ئەرتەشی گەیشتە سەرپردی بانەو ئیتر شەڕێکی توند دەستی پێ کرد، ئەو برادەرەمان نەی توانی بەرەو کۆڵانەکان بێت و خۆی خستە جۆگەییك لە نزیك پردەکە و زۆری نەمابوو بکوژرێ. لەماوەی یەك سەعاتدا بەشی هەرەزۆری ئەوهێزە ٦٠٠ تا ٧٠٠ کەسیەی دژمن لەناوچوون و ژمارەییکیان بەدیل گیران و زیاتر لە ٧٠ ماشین سوتێندران، کەوەك کاك ڕێبوار نووسیویە تەنیا ئەو تانگەی کە پێشتر لە پادگانی بانەوە بەهاواری هێزەکە چوو بوو توانی بگەڕێتەوە پادگان.

من شاهیدی ئەوجەنگە بووم ، تەنیا چەند برادەری حیزبی دیموکرات لەو شەڕە دا بەشدار بوون، بۆ مێژوو دەڵێم کە ژمارەیان لە پێنج کەس زیاتر نەدەبوو چەند کەسیان ئێستا لەناو خۆی ئێراندان، دیارە ئەوکات حیزبی دیموکرات ئاتەش بەستی ڕاگەیاندبوو، هەر دوای ئەوشەڕە قارەمانانە، شەهید دوکتور قاسملو،لەووت وێژ لەگەڵ ڕۆژنامەی کەیهان گوتی ئەوجینایەتەی شاری بانە، حیزبی دیموکرات نەی کردوە. بەڕەحمەتی خودا شادبێ برای گەورە و فەرماندەی لێهاتوو شەهید کاك عبدلکریم فەرماندەی ئەودەستە پێشمەرگەیە بوو کەلە کەوپێچ بوون و کاك حسین حسینی یان لێ شەهید بوو کە مامۆستای مەدرەسە بوو.

شتێکی سەیر کە لەو شەڕەدا لەبیرمە ئەوەیە کە برادەرێك بەناوی محەمەد ناسراو بە محەمەدی مینە درێژ کە لە بیمارستان کاری دەکرد بەئامبولانسێکی بیمارستانەوە هات، من لەنزیك میوە فرۆشێك لەنزیك سینمای رەحمان خان بووم هات بۆلام و پرسی پێ کردم و گوتی دەچم بریندارەکان دینم و ئەوە کارێکی ئینسانیەو پێویستە، هەرچەند پێم ووت جارێکە مەچۆ شەڕ گەرمە بوێستە، بەگوێی نەکردم. ئەوەبوو چووە ناو هێزەکەی دژمن و دوای قەیرێك ئانبولانسەکە سووتا و کاك محەمەد قۆڵێکی بریندا بوو کە گەڕایەوە، بەگاڵتەوە پێم گووت کاك محەمەد نەم گووت مەچۆ، ئەوە شەڕە. هەروەها کاك سەیفەالله کە دووچەرخەسازی هەبوو ناسراو بە سەیفەی حەمەگێرەو برادەرێك بە ناوی خەلیلی دەروێش بە گاری ( عەرەبانەی ) حەمباڵی وەك خێر کوژراوەکانیان کۆ دەکردەوەو دەیان بردنە بیمارستان.

هەربەدوای ئەوشەڕە قارەمانانەدا بوو خومینی ڕایگەیاند خەڵکی کوردستان من دەنگی ئێوەم بیست و ئاگربڕی ڕاگەیاند. بەڵێ لەوجەنگەدا، دەوری سەرەکی و ئەساسی تەنیاو تەنیا پێشمەرگەی سازمانی خەبات گێڕاویانە و هیچ لایەنێکی دیکە دەوریان نەبووە تیایدا. بەڵگەییێکی دیکە بۆ ئەوەیە کە هەموو دیلەکانی دژمن کە نزیکەی ٢٥ کەس بوون لەژێر دەستی سازمانی خەبات دا بوون.

بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستیەش، دەیان بەڵگەی دیکەم هەیە. بەوهیوایەی توانیبێتم بەشێك لەڕاستیەکانی جەنگی کەم وێنەی ١٠ی خەزەڵوەر، کەبەڕۆژی پێشمەرگەی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران ناسراوە بخەمەڕوو. جەنگێك کە ٨ پێشمەرگەی قارەمانی سازمانی خەباتی تێدا شەهید بوو. ئەوەی نووسیومە ڕاستیەو بێ گومان ئەوانەی ئەوڕۆژەیان لەبیربێ و لە ڕوداوەکاندا بووبن دەیسەلمێنن.

**تێ بینی/**

ئەو ستوونەی کە ئەو ڕۆژەی لە نزیك دێی زیویە تووشی هاتین و لەبانەوە بەرەو سەردەشت دەچوو، هەرئەو ستوونەبوو کە جارێکی دیکە لەسەردەشتەوە گەڕایەوە بۆ بانەو تەفرو توونا کرا.

****

